# دنیای منداڵان

١٤٤

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی
منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا


سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سولڵتانزادە



پەیوەندی:

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan

www.Kurdistanukurd.com

# بەیاننامە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە

منداڵە خۆشەویستەکان!
دایکان، باوکان و لایەنگرانی
مافی منداڵان!

بە بۆنەی هاتنی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە، پیرۆزبایی لە هەموو منداڵانی جیهان و کوردستان، بە تایبەت منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دایک و باوکەکانیان دەکەین.


ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەڕێزان!

ئەمڕۆ لە جیهانێک دا دەژین کە مرۆڤ بە گشتی دەبێ خۆزگە بە دنیای بێخەوش و بێگەردی منداڵ بخوازێ کە پێویستە دنیایەک بێ دوور لە توندو تیژی و پڕ بێ لە سۆزو عاتیفەی ئینسانی. بەداخەوە توند و تیژی، تێرۆریزم ، شەڕ، نەخوێندەواری و تەنانەت برسێتی لەم سەردەمەدا دنیای جوانی منداڵانەی شێواندوە. لە زۆر جێگای ئەم دنیایە منداڵان قوربانیی ئەو دیاردانەن کە ناومان هێنان، بێ ئەوە بۆخۆیان تورزقاڵێک لە خوڵقاندنیاندا دەوریان هەبێ. ئێمە لە ئێران، لە وڵاتێکدا دەژین کە زۆر لە منداڵان ناچار دەکرێن وەک گەورەکان کار بکەن. منداڵانی ئێمە لە سایەی حکوومەتێک دا دەژین کە سزای گەورەکان تەنانەت ئێعدام بەسەر منداڵاندا دەسەپێ. ئەم حکوومەتە بەرنامەیەکی ڕێکو پێکی بۆ پەروەردەی منداڵان نیە بەڵام لە سزادانی منداڵاندا توند و لێبڕاوە.

## دایکان و باوکانی هێژا!

ئەگەرچی هەموو ساڵێ لە وەها ڕۆژێکدا جێژنی ڕۆژی منداڵان دەگرین و باسی منداڵان و مافی ئەوان دەکەین بەڵام بە داخەوە ڕێگایەکی دوورو درێژمان بۆ دەستەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانیان و لانی کەم لە پەروەردە وبارهێنانیان بەو پێیەی کە مافی خۆیانە زۆر لاوازە. بە پێی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان، زارۆکان نابێ مافی ژیانیان لێ بسێندرێتەوە و دەبێ ئیجازە بدرێ بە باشی گەشە بکەن. ئەمە لە حاڵێک دایە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەمتر بەم جۆرە لە ڕوانین بۆ منداڵان گرینگی پێ دەدرێ. دەبێ بزانین ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە بە لە بەر چاوگرتنی قۆناغەکانی گەشە، ڕێگا بۆ ڕەوتی دروستی گەشە خۆش بکەین و مافە سەرەتاییەکانی منداڵان، هەستی بڕوا بە خۆبوون، کەسایەتیی پتەو و قایم و ئینسانی لە منداڵان دا بۆ خزمەت بە گەل بەهێز بکەین. بە پێی بنەماکانی کۆنوانسیونی مافی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، منداڵان ئەو مافەیان هەیە کە دەبێ بیر و ڕای خۆیان ئازادانە بەیان بکەن و لەو کاروبارە کە پێوەندیی بە ئەوانەوە هەیە بیروڕایان لە بەرچاو بگیرێ. ئێمەش وەک دایک وباوکان دەبێ وەک منداڵان ببینین و تێبکۆشین لە چاوی منداڵانەوە بۆ دنیا بڕوانین تا بتوانین بە باشی تێیانبگەین و چارەسەری ئازارەکانیان بکەین.

## خۆشەویستان!

کەسایەتیی مرۆڤ لە قۆناغی منداڵەتی دا دادەڕێژێ، ئەم قۆناغە لە ژیانی هەر ئینسانێکدا قۆناغێکی چارەنووسسازە. ئەگەر لەم قۆناغەدا منداڵان بە باشی پەروەردە بکرێن، ئەرکی قورسی گەورەساڵانیان نەخەینە سەرشان، لە داهاتوو دا دەبینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی ساغ بە کەمترین کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لەسەر هەموو دایک و باوکەکانە بە پلەی یەکەم، پاشان ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنییەکانە کە مەسەلەی پەروەردە کردنی منداڵ، پێشگیری لە کارکردنی منداڵو گەلێک کێشەی دیکەی پێوەندیدار بە منداڵان بە جیددی بگرن و منداڵ وەک گەورەترین سەرمایەی دوارۆژ سەیر بکەن.

**ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**یەکی ژوئەنی ٢٠١٤**




ئەمین گەردیگلانی لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە ئاوایی گەردیگلانی سەر بە شاری سەقزی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. لەبەر کەم دەرامەتی و نەداری بنەماڵەیی و کێشەکانی کوورەخانەو کار بە ناچاری تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندەوە.

لە ساڵی ١٣٦٢ ماڵیان دەچێتە بۆکان و ئێستاش هەر لەو شارە نیشتەجێیەو بە کاری خەیاتی هەوڵدەدا بژیوی ژیانی خۆی بەڕێوە ببات و دوو کوڕی بە ناوەکانی «ئارام» و «هێمن» هەیە.

کوردی لە لای یەک دوو مامۆستاو بەتایبەت لە گۆڤاری سروەو لە ملوانکەی شینی مامۆستا شەریف فێر بووە. یەکەمین جار غەزەلێکی لە ژمارە ٦٣ی گۆڤاری سروەدا چاپ و بڵاوبۆتەوە. بەدەر لە شێعر کاری وەرگێران و چیرۆکنووسیی کردووە کە لە گۆڤارەکانی سروە، ئاوێنە، ڕامان، کاروان، سەردەم، ئاییندە، گەلاوێژی نوێ، سیروان و ئاویەر و ڕاسان و مەهاباد و زرێبار و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

یەکەمین بەرهەمی شێعری بە ناوی «تاپۆی وەرزێکی سەوز» لە ساڵی ١٣٧٦دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی ئەمین گەردیگلانی:

«تاپۆی وەرزێکی سەوز» شێعر، ساڵی ١٣٧٦

«شەوەژانی ئەستێرەیەک»، شێعر، ساڵی ١٣٧٩
« مەرگە خەون» شیعر، ساڵی ١٣٨٢
«دیسان لەو شەقامانەوە»، کۆمەڵە چیرۆکێک لە نووسینی بیژەن نەجدی، وەرگێڕان، ساڵی ١٣٨٤
« تەپڵی ئاور» کۆمەڵە چیرۆکی بیانی، وەرگێران، ساڵی ١٣٨٤
« جێگای بەتاڵی سلووچ» ڕۆمان، نووسینی مەحموودی دەوڵەتئابادی، وەرگێران، ساڵی ١٣٨٥
«خۆر و لاولاو»، کۆمەڵە شێعری منداڵان، ساڵی ١٣٨٦
«یەکگرتن»، چیرۆکی منداڵان، نووسینی قودسی قازی نوور، وەرگێڕان، ساڵی ١٣٨٥
«خولیای نووسین» کۆمەڵە وتار، نووسینی ڕەزا بەراهەنی.
«برایانی کارامازۆف» نووسینی داستایفسکی، وەرگێڕان، ساڵی ١٣٨٦
«فەرهەنگی ڕێژگە» ئەو وشانەی لە هەنبانەبۆرینەدا نەهاتوون، ١٣٨٨
«باوکە سیرگی» ڕۆمان، نووسەر لیون تۆلستۆی، وەرگێڕان، ساڵی ١٣٨٩
«دیلی قەفقاز» ڕۆمان، نووسەر لیۆن تۆلستۆی، وەرگێڕان، ساڵی ١٣٨٩
«ئاغاو نۆکەر» ڕۆمان، نووسەر لیۆن تۆلستۆی، وەرگێران، ساڵی ١٣٩٠
«مەرگی ئیڤان ئیلیچ» ڕۆمان، نووسەر لیۆن تۆلستۆی، وەرگێران، ساڵی ١٣٩٠
«تازیەبارانی بەیەل» ڕۆمان، نووسەر غولامحوسێن ساعیدی «گەوهەرمراد»، وەرگێران ساڵی ٢٠١١
«هاوسەرگیریی بەختەوەرانە» ڕۆمان، لیۆن تۆلستۆی، وەرگێران، هەولێر خانەی کتێبی ئاوێر ٢٠١٢
«نارنجی فرین» کۆ چیرۆک، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕیوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە، بەرێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠١٢
«دار و پەپوولەو ڕووبار»، چیرۆکی منداڵان، فەریدە شەبانفەر، وەرگێڕان، بەرێوەبەرایەتیی زنجیرە کتێبی منداڵان، هەولێر ٢٠١١
«ئانا کارنینا» ڕۆمان، لیۆن تۆلستۆی، وەرگێڕان، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٢
«کەڵەشێری ورگن» چیرۆکی منداڵان، فۆلکلۆر، نووسینەوە، بۆکان، ئیزیرتوو ٢٠٠٩

**سەرچاوە: وێبلاگی گەردیگلان**

# منداڵانی دێموکرات

ڕۆژی ١ ی حوزەیران (ژوئەن) ڕۆژی جیهانیی منداڵان، لە منداڵانی کوردستان بە گشتی و لە منداڵانی پەروەردەکراوی حیزبی دێموکرات پیرۆز دەکەم. دیارە مێژووی دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی منداڵان بۆ زۆربەمان ئاشکرایەو مەبەستیشم لە نووسینی ئەو بابەتە وەبیرهێنانەوەی ئەو مێژووە نییە.

وەک خۆم بابەتی پڕ لە ڕەخنە و گلەییم زۆر لە لا سەرنج ڕاکێش نییە و هیچ عەلاقەیەکیشم بە خوێندنەوەیان نییە. چونکە دڵنیام هەموو کێشەکان ڕێگە چارەیان هەیە، بەڵام جار جار مرۆڤ کە هەست بە بێدەسەڵاتی دەکات پەنا دەباتە بەر گلەیی و گازندە. هەرچەندە نازانم ڕووی ڕەخنە و گلەییەکانم لە کێیە یان باشتر بڵێم ناوێرم بڵێم ڕوو لە کێیە. پێم وایە یەکەم جارم نییە کە باس لەو کەموکووڕیو بێ ئیمکاناتییانە دەکەم کە وایان کردوە توانا و شارەزاییەکانی منداڵانی دێموکراتڕ بە شاراوەیی بمێننەوە، بەڵام وەبیرهێنانەوەیان لە ڕۆژی جیهانی منداڵان دا بە پێویست دەزانم. بەو پێیەی کە بۆخۆم هەموو تەمەنی منداڵیم لە نێو کەمپ و بنکەکانی حیزبی دێموکرات دا بەسەر بردوە لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەش ڕووبەڕوو بووم کە بەرۆکی ئەو منداڵانەی گرتوە، پێم باش بوو هێندێک باس لە ژیانی ئەو منداڵانە بکەم.

بۆ هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە منداڵان بە گشتی لە کوردستان لە ڕەوشێکی ژیانیی زۆر خراپ دان بەڵام لەو چەند ساڵانەی دوایی دا ئەم بارودۆخە بۆ منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزبی زۆر خراپتر بووە. بێ توانایی، توانا‌کان لەناو دەبات. مەبەستم لەوە ئەوەیە کە بێ توانایی دایکو باو کەسانی بەرپرس لە پەروەردەی منداڵ توانای منداڵی زیرەک و بەتوانا لەبار دەبات. دیارە جێگەی خۆشحاڵییە کە حیزبی دێموکرات بەوپەڕی تواناوە لە هەر هەلومەرجێک دا کە بۆی ڕەخسا بێت کەمتەرخەمیی نەکردوە لە هاندانی منداڵانی بۆ خوێندن و ڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ پێگەیشتن و گەشەپێدانی تواناکانیان. حیزبێک کە خاوەنی کەسایەتییەکانی وەک مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و
















کاک جەلیل گادانی و خۆشەویستی منداڵان کاک سەید سەلامی عەزیزی و کاک فەتاحی کاویان بێت، بێگومان هەر ئەو چاوەڕوانییەی لێ دەکرێت، مامۆستا بە وتە سادە و پڕ بایەخەکانی حیزبی هێندەی دیکە لە لای منداڵان خۆشەویست کردوە و کاک جەلیل گادانییش بە بڵاو کردنەوەی گۆڤار و کتێبی منداڵانە، هاندەری سەرەکی بووە بۆ منداڵانی نێو حیزبەکەمان بۆ خوێندن و خوێندنەوە. چیرۆکە جوانەکانی کاک سەید سەلامی عەزیزییش لە بیری هیچ

یەک لە منداڵانی سەردەمی بەڕێزیان دا نەسراوەتەوە.با باسی رووخۆشی و دەست بڵاویی کاک فەتاح کاویانیش بکەم کە بە پێدانی دیاری و شیرینی جێگەی خۆی لە دڵی منداڵان دا کردۆتەوە. با لێرەشدا ناوی باوکیشم (قادر وریا)و دەرنەهاوێم کە هەمیشە رێخۆشکەر بووە بۆ چاپکردنی چاپکراو و بڵاوکراوەی منداڵانە و هەر ئەویش بوو بووە هۆی دەرچوونی یەکەم ژمارەی «دنیای منداڵان» لە رۆژی جیهانی منداڵان دا.

زەحمەتەکانی کاک برایمی جەهانگیری و کاک عەلی بداغی و کاک ئەیوبی شەهابی ڕادو کاک ناسری فەتحی و کاک ئاکۆی مینبەری و کاک ناسری رەسووڵی و کاک ئازاد عەباسیان جێگەی ستایش و پێزانینن. ئێستاش شیلان خانمی قوربانی فەر زەحمەتەکانی ناوەندی منداڵپارێزی لەسەر شانە و ئەرکەکانی چالاکییەکانی منداڵانی حیزبی وە ئەستۆی خۆی گرتوە و مینا خانمی سوڵتان زادە لاپەرەکانی گۆڤاری دنیای منداڵان دەرازێنێتەوە.

لە رۆژانێک دا کە لە کوردستان دا باسی رۆژێک بە ناوی رۆژی منداڵان کرابا زۆر کەس پێکەنینیان بەو دەستەواژەیە دەهات و زۆر بە گاڵتەوە لە مافی منداڵانیان دەڕوانی. حیزبی دێموکرات بە سازدانی جەژن و فیستیڤاڵی منداڵانە یادی ئەو رۆژەی دەکردەوە و قەتیش درێغی نەکردوە لە دابین کردنی پێداویستیی منداڵانی قوتابی و خاوەن توانا. منداڵانی حیزبی دێموکراتیش بە بەشداربوونیان لە خەم و ناخۆشی و سەختییەکان دا وەفاداریی خۆیان بۆ حیزبەکەیان نیشان داوە. ئەوەتا گڵکۆی «ئامانج پیرۆتە سوور» مان وەک نموونەیەک لەبەرچاوە کە بووە شەهیدێکی کەم تەمەنی حیزبەکەمان. منداڵانی حیزبی دێموکرات برسییەتی و ئاوارەیی و تۆپباران و کاتیۆشاباران و مەرگی باوک و برا و ئازیزانیان بە چاوی خۆیان بینی و کونەتەیارەکانی «ئێندزی» و «ئازادی» بۆئەوان ببوون بە باخچەو شاری یاریو پارکو لە پاشماوەکانی تۆپباران کەلوپەلی یارییان دروست دەکرد. شەهید بوونی هاورێ و باوک و کەسوکاریان هێندەی دیکە ئەوانیان لەسەر بەردەوام بوون لە سەر رێبازی دێموکرات سوورتر دەکرد. ئەوان بوون لە ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبەکەیان ئاهەنگیان دەگێڕا و لە ١٠ی خاکەلێوە دا بە دانانی چەپکە گوڵ لەسەر گڵکۆی شەهیدان پەیمانی درێژەدانی رێگای

شەهیدانیان دەبەست.

بارودۆخی ژیانی منداڵانی نێو کەمپەکانی حیزبی هەر وەک خۆی ماوە و ژیانیش بەردەوام لە پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕ و ئاسانکاری دایە. منداڵان لەپاڵ خوێندن و فێربوونەوە پێویستیان بە گەڕان و سەفەر و وەرزشکردن و ناوەند و ڕێکخراوی تایبەت بە گەشە پێدان و پەرەپێدانی تواناکانیان هەیە. بەڵام ئایا منداڵانی دیموکراتیش لەمانە بێبەش نەبوون؟! منداڵانی دیموکرات نموونەی قوتابی و خوێندکارانی نموونە و زیرەک و ژیر بوون و لە ڕووی ڕەفتار و پەروەردەشەوە بەهەمان شێوە. هەر کەس بە نێو منداڵانی دیموکرات دا گەشتێک بکات و چەند ساتێک لەگەڵیان بدوێت دەزانێت ئەوان چەند بەتوانان و چەندە خولیای فێربوونن و تەنانەت ئەگەر ئەو مەجال و پێداویستیەشیان هەبا زۆربەیان ناوبانگیان دەبوو بەو توانایانەی کە هەیانە. زۆران دەناسم کە لە وێنەکێشان و خۆشنووسی دا توانایەکی سەرنجڕاکێشیان هەبووە بەڵام لە بەر بێ توانایی لە ڕووی ماددی و نەبوونی کەلوپەلی پێویست و شوێنی تایبەتی تواناکانیان هەروا بە شاراوەیی ماوەتەوە یان باشتر بڵێم پێش لەدایک بوونی تواناکانیان لەبارچوون.

لە ڕۆژی جیهانی منداڵان دا و لە جەژن و ئاهەنگەکانی منداڵانی دیموکراڕت دا نازانم خۆشحاڵ بم یان نارەحەت. خۆشحاڵ لە خۆشحاڵیی ئەوان و دڵخۆش بەوەی کە ئەوان لەوانەی نیانە و نارەحەت نین و هێشتا نەبوونی، دڵساردی نەکردوونەتەوە. نارەحەت لەوەی کە تەمەنی منداڵیی ئەوانیش هەروا دەڕوات بێئەوەی ئەوان ژیانێکی ئاسوودەیان هەبێتو بێ ئەوەی تەمەنێک کە دەتوانێت چالاکترین قۆناغی ژیانیان بێت بەفیڕۆ بڕوات.

ناڵێم داواکاری چونکە کەس بەدەم داواکارییەکانمەوە نایەت تەنیا دەڵێم هیوادارم لە کەمپەکانی حیزبی دا مەلەوانگەو یاریگای وەرزشی جیاوازو باخچەی تایبەت بە منداڵانو ناوەندو ڕێکخراوی تایبەت بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی منداڵانی بە ئیستیعداد و خاوەن توانای دیموکرات هەبێت. ئاخر ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا لەو وڵاتەدا لەدایکبوون خاوەنی پێناس و پاسپۆرتی ئەو وڵاتە نین کە بتوانن سەفەر بکەن و لە وڵاتانی تر پەرە بە تواناکانیان بدەن.

**هانا وریا**

**سڵاو منداڵەکان**

هەر وەکی باسمان کرد وانەی ئەم جارە تایبەتە بە « داری بنەماڵە»، واتە Family tree لە زمانی ئینگلیسیدا بنەماڵەی گەورە دەتوانێ بێجگەلە دایک و باب و خوشک و برا، خزمە نزیکەکانی دیکەی وەک خاڵ، پوور، خاڵۆزا و ئامۆزاش لە خۆ بگرێ. چاوێک لەم دارە بکەن و وشەکان لە لای خۆتانەوە بنووسن و ماناکەی لە بەر بکەن.



# چەند دیمەنێک لە ڕێوڕەسمی ای ژوئەن ڕۆژی جیهانیی منداڵان

















جیهانی منداڵان، جیهانی ئارامی و تەبایی
Happy
Children's Day


جیهانی منداڵان، جیهانی ئارامی و تەبایی




جیهانی منداڵان، جیهانی ئارامی و تەبایی












جیهانی منداڵان








جیهانی منداڵان، جیهانی ئارامی و ته‌بایی









# فەرامۆشی

سڵاوێکی جوان و شیرین
نیشتبوو لە سەر زمانم
یەکیان بۆ باوکی ئازیز
یەکیان بۆ دایەگیانم

کە گەیشتمەوە ماڵێ
بەزەم نیشتە سەر زاری
سڵاوەکەم لەبیر چووە
بۆیە کەوتمە لاساری

دیسان دایکم پێی گوتم
ئەستێرە کوا سڵاوت؟
ڕۆڵە گیان دیسان خواردت
لە جێگەی نان و ئاوت؟

سڵاو، لەبیر چوونەوەم
هی سەر لێشێواویمە
دەبێ وەدەستی بێنم
چی حەزم لێیەو نییە

وەرگێڕان لە فارسیەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی

# با منداڵەکانتان بە زۆر خواردن نەخۆن

یەکێکە لە حەزەکانی دایک و باوک ئەوەیە کە هەمیشە حەز دەکەن منداڵەکەیان زۆر بخوا و هەوڵیش دەدەن بە زۆر خواردنیان پێ بدەن.
بەڵام شتێک هەیە کە هەندێک منداڵ لە ئەساسەوە خۆیان ئارەزووی کەم خواردنیان هەیە، بۆیە ئەو هۆکارە نابێ ببێتە جێگەی دڵەڕاوکێی دایکان و باوکان.
دیارە لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەوەی کە منداڵ تووشی کەم خواردن ببێ، وەکوو هەڵکشانی تەمەن و هەوکردن، بۆیە نابێت لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت وا لە منداڵ بکرێ کە بە زۆر خواردن بخوات.
جا بۆ ئەوەی منداڵ بە ئارەزووی خۆی خواردن بخوات پێویستە دایکان ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ ڕازی کردنی منداڵ بگرنەبەر تاوەکوو بە ئاسایی خواردن بخوات، وەکوو خستنەبەردەستی خواردنی جۆراوجۆر و ڕازاندنەوەی مێز و سفرەی نان خواردن. هەروەها ئەو خواردنانە ئامادە بکا کە دەزانێت منداڵەکە حەزی لێیەتی.



وەرگیراو لە کۆشکی منداڵان

# چوار سمۆرەکە

چوار سمۆرەی جوان، سووری خنجیلە
لە سەر دارێک بوون، زیت و وردیلە

یەکەمیان گوتی: گوێم لە ترپەیە!
گوێم وا لە دەنگی تەپەو چرپەیە!

دووهەمیان گوتی: با خێرا ڕاکەین
تازووە، خۆمانی لە بۆ دەرباز کەین

سێهەمیان گوتی: وەرنە ئێرەوە
با خۆمان زۆر چاک، بشارینەوە

چوارەمیان، خێرا هەڵسایە سەر پێ،
گوتی: ئای، نەکەن! نەچن بۆ هیچ کوێ!

برایم باڵدار

# بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن



# بێ دەنگی زوڵم دێنێ

وەکوو زۆربەی بەیانییەکانی دیکە زوو لە خەو هەستام و پووڵ و سفرەکەم هەڵگرت و لە ماڵێ وەدەر کەوتم. بەیانیان بەر لەوەی برا بچووک و خوشکە گەورەکەم لە خەو هەستن، من بە دەنگە خۆشەکەی دایکم وەخەبەر دەهاتم و بەرەو نانەواخانە وەڕێ کەوتم. جاران بابم دەچووە نانەواخانەو ئێمەش تاکوو ئەو دەگەڕایەوە ماڵێ، لە خەو هەڵدەستاین و خۆمان بۆ قوتابخانە ئامادە دەکرد. کەچی لەو ماوەیەدا لەبەر نەخۆشیی بابم ئەمن دەچووم نانم دەهێنایەوە.

لە ڕێگادا تاک تاک خەڵکم دەدیت کە بەپەلە بەرەو نانەواخانە دەڕۆیشتن. کاتێ گەیشتمە نانەواخانە سەفەکە هێندێک شلووغ بوو، بەڵام منیش وەکوو هەموو خەڵکەکەی دیکە چوومە نێو سەف و لەگەڵ چوونە پێشی خەڵکەکە منیش دەچوومە پێش و دەمویست زووتر نانەکەم وەرگرم و بگەڕێمەوە ماڵێ. یەک دوو کەسم مابوو کە لە ناکاو یەکێک بە پەلە هات و ویستی وەپێش خەڵکەکە کەوێ کەچی ئەو دوو کەسەی پێش من نەیان هێشت و ئەویش بە ناچاریەوە هاتەوە دوایە تاکوو گەیشتە لای من و کە منی دیت هاتە پێش منو لەنێو سەفەکەدا ڕاوەستا. کابرایەکی باڵا بەرز بوو. ئەو دەی‌ویست فیڵم لێ بکاو بە کەڵەکبازی وەپێشم کەوێ و لەپێش منەدا نانەکەی وەرگرێ. منیش کە زۆرم پێ ناخۆش بوو وەدەنگ هاتم و کابراش کە دیتی من لێی توورە بووم، چاوێکی لێ کردم و بە بزەوە وتی: کچی باش، من برێک بەپەلەم و منداڵەکانم لە ماڵێ بەتەنێن....

منیش دیسان وتم: دەی کاکە بچووە نێو سەفەکەوە ئیتر بۆ دەتهەوێ لەپێش مندا نان وەرگری....

کابرا سەری داخست و ویستی بچێتەوە دوایە. من ئەوەندەم پێ ناخۆش بوو کە کابرام ناڕاحەت کردوە، بۆیە کوتم: ئەمڕۆ نان وەرگرن، من نانی زۆرم دەوێ، وادیارە ئێوەش نانی کەمتان دەوێ.

کابراش زۆری پێ خۆش بوو، نانەکەی وەرگرت و لە ڕۆیشتنەوەدا



بزەیەکی جوان لەسەر لێوەکانی دیار بوو. ئەو ڕۆژە نانەکەم وەرگرت و گەڕامەوە ماڵێ. چەند ڕۆژێک تێپەڕ بوو، ئەو کابرایە جار جارە دەهات و هەموو جاریش ئەمنی بە ساویلکە دەزانی، نۆرەبڕی دەکردو زوو نانی وەردەگرت و دەڕۆیی.

زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام هیچم نەدەوت. ئاخرەکەی ڕۆژێک وەدەنگ هاتم و بە تووڕەییەوە وتم: کاکە گیان! بۆ فێڵم لێ دەکەی؟ ئیتر ناهێڵم وەپێشم کەوی و بە کەڵەکبازی نان وەرگری.

لەو ڕۆژەوە کابرا لە نۆرەدا ڕادەوەستاو نانی وەردەگرت. من کچ بووم و ئەو کابرایەش بە ساویلکەی دەزانیمو پێیوابوو چونکە من کچم ناتوانم وەدەنگ بێم و حەقی خۆم داوا بکەم. بەڵام من دەمزانی کە مرۆڤەکان جیاوازییان نییەو کەس لە کەس زیاتر نیە. ئیتر بڕیارمدا قەت نەهێڵم کەس بە ناحەق وەپێشم کەوێ و حەقم بخوا. ئیتر تێ گەیشتم کە لەخۆڕا «نەیانوتوە بێدەنگی زوڵم دێنێ».

نووسینی: نێعمەت مەلا

# فێرگەی نەقاشی





هانا و هۆنیا شەهرەوان



ڕۆبیتا ئەحمەدی



هەڤاڵ قازی



سۆژین فەتاحی



ئایدا و ئۆسکار فەرمان



سەنا میرابی



ڕۆژان ئەسپۆردە



سەناریا خزرپوور

